# کلتوری ترس و خۆکوشتنی خوێندکار

هێرش ڕەسول*

"ئەمە منداڵی منە، هاتووم قەیدی بکەم، گۆشتەکەی بۆتۆو ئێسقانەکانیشی بۆمن"! باوك بۆ مامۆستا

## دەسپێك

لە زۆر دەقی مێژوویی و گفتوگۆی ڕۆژانەدا، بەردەوام دەبیستین و گوێمان لێدەبێت باس لە ڕۆڵ و کاریگەریی "مامۆستا" دەکرێت و، تەنانەت لە هەندێك دەقدا کە لە فۆرمی "شیعری منداڵان" خراونەتە روو مامۆستا بە (باوك/ دایك/ رابەر/ پێشەوا) ناوزەدکراوە، لەگەڵ ئەوەی پۆل و خوێندنگەش بەدەر نەبووە لەو پیاهەڵدانە زیادەڕۆیەو بە (ماڵ) دانراوە.

لێرەدا نامانەوێ لە ڕۆڵ و نەخشی مامۆستا وەك کارەکتەرێکی کارای نێو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بێبەها بکەین و لەهەمانکاتیشدا لە پایەو پێگەی خوێندنگە کەمبکەینەوە، بەقەد ئەوەی گەرەکمانە ئەو تەلیسمە بشکێنین کە چیتر لە ئاست هەڵە کوشندەکانی ئەو کارەکتەرە بێدەنگ بین و، ئەو ڕەهاییە ڕەتبکەینەوە کە لۆژیك تەنها بەو ئاقارەی خۆیدا دەبات و ڕەوایی بە پیرۆزکردنی کەس و شوێن و شتەکان دەدات، بەبڕوای ئێمەش لەو ئاستانەدا لەسەرەتای ئەو ڕێگەیەداین کە دەبێ باش درکمان بەو ڕاستیە کردبێت کە هەموو شتەکان بەوانەیشی ئایین و کلتورو کۆمەڵگا جیاوازیان پێدەدا لەگەڵ کایەکانی دیکەو هەڵاوێریان دەکات، شایانی ڕەخنەکردنن، جگەلەوەی ئایین و کۆمەڵگاش کە بەرهەمهێنەری ئەو کلتورەن و لە بەردەوامبوونیشیدا ڕۆڵیان هەیە دەکەونە بەر نەشتەری هەمان حوکمەوە.

ئەم وتارە دەیەوێت لە ئاوێنەی چەند ڕوداوێکی تراژیدی کە مایەی کەسەرو نیشانەی مەرگدۆستیی کۆمەڵگان هەوڵێك بۆ خوێندنەوەی ئاماژەکانی ئەودیوی خۆکوشتنی خوێندکاران بدات. ڕوداوی یەکەم لە زستانی 2004 لە یەکێك لە خوێندنگە ناوەندییەکانی شاری هەولێر بە بیانووی نامەی دڵدارییەوە دوو خوێندکار فەسڵدەکرێن و، پاش ئەوەی ماڵەوەیان بە مەسەلەکە دەزانن، بەیەکەوە لەسەر خۆسوتاندن لەیەککاتدا ڕێکدەکەون و ئەنجامیدەدەن. دووەم: خۆسوتاندنی خوێندکارێکی شەشەمی سەرەتایی لە شاری سلێمانی لەترسی باوکی کە نەیوێراوە ئاشکرای بکات کە داخڵی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ نەبووە. ڕوداوەکانی تریش.. خۆکوشتنی خوێندکارێك و خۆسوتاندنی دوانی دیکە لەسەر بەدەستنەهێنانی نمرەی باش لە خولی یەکەمدا لە سلێمانی و هەولێرو کەلارو تادەگاتە خۆکوشتنی چەند خوێندکارێکی دیکە پاش دەرچوونی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم.

### سیستمێکی دواکەوتووی پەروەردەیی.. فەلسەفەیەکی ئیفلیجی خوێندن

ئەگەر سەرەتای ڕێگاکەو بەرایی کۆی کێشە کلتوری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکانی خوێندکار لە تونێلی سیستمی پەروەردەو فەلسەفەی خوێندنەوە بێت، بێ هیچ دوودڵییەك دەتوانین بڵێین: تا بەئێستاش دەگات ئێمە نەبووینەتە خاوەنی سیستمێکی مۆدێرنی پەروەردەو فێرکردن، سیستمێك ئەوەندە کراوەبێت سنور لەبەردەم بیرکردنەوەو تێڕوانین و پرسیاری خوێندکار دانەنێت، هاوچەرخ بێت بەمانای خۆبینینەوەی لە دەنگ و ڕەنگی جیاوازی کۆمەڵگا، کە دواجار نەوەیەکی تەندروست و وشیار بەرهەمبێنێت، بەڵام چی دەڵێی بەو سیستمە سەقەتەی کە نەوەو خوێندکارانمانی لەسەر پەروەردەو گۆشدەکەین، بێ ئاگا لەوەی سیستمەکە خۆی دەرهاویشتەی بونیادێکی سەلەفی و کلتورێکی داخراوە.

یەکێك لەکایە گرنگ و جێ مەبەستەکانی فەلسەفەی بەعسیزم، کایەی پەروەردەو خوێندن و فێرکردن بووەو، بەردەوامیش لەو جوغزەوە هەلی هاتنە ژورەوەی قۆزتۆتەوەو لەتەك کایەکانی دیکەدا خۆی خزاندۆتە نێو کونجی ماڵ و سەر سفرەی خێزانەکان. لەمەشەوە منداڵ وەك کائینێك کە هەمیشە دەبێ گوێڕایەڵ بێت، گوێڕایەڵی مامۆستا، باوك، دایك...تاد ڕادەهێنێت، فێریدەکات پرسیار لەهەموو شتێك نەکات و حەزی پرسیارکردنی تێدا دەکوژێت، بە بڤەو حەرامەکانی ئاشنادەکات، بە دەقی ئایینی دەیترسێنێت، لێی دەدات و خوێندنگەی لەبەرچاو ڕەشدەکات، دەبێ بزانێت ئەوە وێنەی سەرۆکەو سڵاوی بۆبکاو سرودو گۆرانی بەسەردا بڵێ و لە زهنیدا وەکو (باوك) وێنای بکات، هەروەك لە پەڕەی یەکەمی هەموو کتێبێکدا وێنەیەکیان قوت کردۆتەوە کە لە هەندێکیشیاندا بە جلی عەسکەری و بە کۆمەڵێك ئەستێرەوەیە! و جگە لە ترس چی دی ناخولقێنێت.

یان هەر لە پۆلەکانی سەرەتاییدا بە (چەك هەڵگرن بابە برام چەك هەڵگرن...) کلتوری توندڕەویمان بۆ زیندوودەکاتەوەو بانگەشەی قیتال و جیهاد دەکات، لەگەڵ ئەوەی پرۆگرامی خوێندنی ئایین-یش خۆی لە وانەی (پەروەردەی ئیسلامی) دا دەدۆزێتەوە بەهەمان شێوە بەرهەمهێنەرێکی ڕاستەوخۆی ئەو کلتوری توندوتیژییەیە کە دواجار خوێندکار دەکاتە کارەکتەرێکی بکوژ.

## خوێندنگه .. زیندانێکی مۆدێرن

لەو حاڵانەدا خوێندنگەش لە چواردیوارێکی ڕەق و تەق و تەختەڕەش و تەباشیرو باوکێکی دڵڕەق و زاڵم و کۆمەڵێك منداڵی بێ پرسیارو بێ پرۆژەو بێ تێڕوانین و بێ خەون هیچی تری لێنابێت و، دەشکرێ ناوی زیندانێکی مۆدێرنی لێبنرێت.

تەنانەت زۆرجارو لە زۆر شوێن، فەڕاشەکەش وەکو مامۆستا مومارەسەی دەسەلاتی باوك دەکات لە بەرامبەر خوێندکاراو، جنێوی پێدەداو پێلاوەکانی قوڕاوی بن ناهێڵێ پێ بنێتە ژورەوەو، دوایان دەکەوێ و ڕۆڵی جاسوسیش دەبینێ بۆ بەڕێوەبەرو دەرگای حەوشەکە دادەخا، ئەویش یەکسەر دیاردەیەك دروستدەکات کە خۆدزینەوەو بازدانە بەسەر دیواردا، بەلام تەنها خۆدزینەوەنیە لە دەرس و مەنهەج، بەڵکو خۆدزینەوەو ڕاکردنە لەو زیندانە مۆدێرنە! و ئەو واقیعە تاڵە، بێ ئاگا لەوەی هەمان بونیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری دیوی دەرەوەی دیوارەکەی خوێندنگەو ئەو کلتورە داخراوە ئەو زیندانەی بەرهەمهێناوەو کاریش ئەستوربوونی دیوارەکانی و پتەوبوونی زنجیری قفڵی دەرگاکەی دەکات.

## مەنهەجی خوێندن لە نێوان گۆڕان و وەهمی ریفۆرمدا

لەسەرەوە بەکورتی ئاماژەمان بە مەنهەج و سیستمی دواکەوتووی پاشماوەی بەعسدا کە چۆن لەدوای ڕاپەڕین و هاتنەکایەی دەسەلاتی کوردییەوە زەرورەتی گۆڕانکاری هاتۆتە پێشەوەو، پاش ڕوداوەکانی 2003/4/9 و هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ عێراق و ڕوخانی یەکجارەکی ڕژێمی بەعس، هیچ بیانوویەك لەبەردەم ئەو پرۆسەی گۆڕان و ریفۆرمە لەبەردەم فەلسەفەی خوێندن و هێنانەئارای خوێندنێکی سەردەمیانە نەما.

بۆیە دەسەلاتی کوردی لە هەردوو هەرێمداو لە دوو هەوڵی جیاوازدا! دەستیان بەو هەڵمەتە کرد، بەلام لێرەدا پرسیارێك خۆی قوتدەکاتەوە: ئایا هەموو گۆڕانکارییەك پۆزەتیڤانەیە، دەکرێ بە هەموو وەرچەرخانێك بوترێت ئیجابی؟! بە دڵنیاییەوە نا، چونکە پێش هەموو شتێك دەبێ پرسیاری ئەوە لەخۆمان بکەین: ئایا ئەو میتۆدەی ئەوان لە پرۆسەکەدا کاریان پێکردووە کامە میتۆدی کارکردنە؟ بە چ ڕۆحیەتێکەوە دەستاندراوەتێ؟ ئاخۆ ئەوانیش هەر زاییندەی هەمان کلتوری ناتەندروست و بونیادی سەقەتی پەروەردەیی نین؟ دەنا چی ناو دەنێی لەو وێناکردنەوەی ڕۆڵی (باوك)ە لە مەنهەجی بە حسێب گۆڕاودا، ئەگەر بەرهەمهێنانەوەی هەمان کلتوری بەعس نەبێت؟!.

خوێنەر دەتوانێ سەیری پرۆگرامی زمانی ئینگلیزی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بکات کە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم/ ئیدارەی هەولێر گۆڕیویەتی و سەرلەنوێ چاپی کردۆتەوە.وەك چۆن دەمانخاتەوە ناو بازنەی هەمان پرۆسەی بە پیرۆزڕاگرتن (تەقدیس)ەوە، کە ئەویش زادەی کۆمەڵگاو کلتورێکی داخراوە.

کەواتە: ئەو میتۆدە نەگۆڕو دواکەوتووە، بە تەنها بە گۆڕینی هەندێ ناوو هەندێ وێنەو دیسان چاپکردنەوە ناگۆڕدرێن و ریفۆرمکردنەکە جگە لە وەهمێك چیتر نامێنێتەوە.

ئەمە هەر لەوە گەڕێن بوونی (مەلزەمە)و بازرگانیکردن بە مەنهەجی خوێندن دەرەنجامە خراپەکانی چین، لەگەڵ ئەوەی پرسیاری قورس و کێن لە دلانەو شێوازی تاقیکردنەوەی پۆلیسی سالانە هەول و کۆششی خوێندکار چۆن بەبا دەداو خەونەکانی لە چاوتروکانێکدا دەکاتە بڵقی سەرئاو، بۆ مەسەلەی قبوڵ مەرکەزی و وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆو پەیمانگاش بەهەمان شێوە سیستمێك پەیڕەو دەکرێت کە تۆزقاڵێك ڕەچاوی حەز و شارەزایی خوێندکاری تێدا نەکراوەو دەکرێ بە سیستمێکی (ئارەزووکوژ)ی ناوببەین.

## قەدەغەکردنی دار.. شەرعیەتدان بە تۆقاندن

وەزارەتی پەروەردە بە بڕیارێك لێدانی خوێندکار بە دار قەدەغە دەکات، بەلام ئاخۆ پرسیوەتی: کە (دار) لە مامۆستا بستێنێتەوە، مامۆستاکە چی پێدەمێنێت؟ ئایا مامۆستاکە کە بەلانی کەمەوە دووساڵ لە پەیمانگابووە وانەی سایکۆلۆژیای خوێندووە؟ یان هیچ لە پەروەردە تێدەگات؟ یاخود توانای خوێندنەوەی نەفسیەتی خوێندکارەکانی خۆی هەیە؟ یان کە دارەکەیان لێستاندەوە خۆ دەتوانێ مۆڕە بکات و چاوسوربکاتەوەو گوێچکە بگرێت و زللەلێبدات و هەڕەشە بکات!!.

دووبارەی دەکەمەوە: خۆ ڕەنگە ئەو مامۆستایەش ناهەقی نەبێت، چونکە ئەویش وافێرکراوەو دەرهاویشتەی هەمان کلتورو کۆمەڵگایە.

## جیاکردنەوەی هەردوو ڕەگەزەکە .. سەرەتایەکی تاریك

ڕەنگە هەندێك بەلایەوە سەیربێت، کاتێك لە ڕێپێوانی فراوانی ریفراندۆم لە 1004/10/2دا لە شاری سلێمانی، زۆر لە خوێندکارانی ناوەندی و ئامادەیی لەبری بەرزکردنەوەی هوتاف و دروشمەکانی ڕاپرسی بڵێن: (داوای ریفراندۆم مەکەن.. کوڕو کچمان تێکەڵکەن)، نەخێر ئەمە هیچ سەیر نیەو بەڵکو سەیر لەو عەقڵیەت و ستراتیژەدایە کە کار لەپشت ئەم گوتارەدا دەکات و بیر لەوە ناکاتەوە تێکەڵکردنی هەردوو ڕەگەز لە خوێندن و

پرۆسەی پەروەردەدا بە قازانجێکی گەورە دەشکێتەوەو دواجار ئەو گرێ دەرونیە زۆرو زەبەندانەی خوێندکار لەو قۆناغەوە دەکاتەوە کە لە قۆناغی زانکۆو پەیمانگادا دەبن بە گرێ کوێرەو بە زەحمەت دەکرێنەوە.

خۆ کوشتنی خوێندکار..

جورئەتێکی گەورە لەبەرامبەر ترسێکی گەورەدا

لێرەوە دێینە سەر مەسەلەی (خۆکوشتنی خوێندکاران) کە دەتوانین بنووسین: لە هەموو ئەو دەرهاویشتانەی سەرەوەو هی تریش سەرهەڵدەداو، خوێندکار لەو تەمەنەدا ناچاری ئەو بارە ناهەموارە دەکات، لە تەمەنێکدا کە هەموو هیواکانی لەسەر یەك هەڵچنیوەو لە بەرامبەر ترس لە باوك، لە مامۆستا، لە دەرنەچوون، لە پرسیاری قورس، لە بونیادێکی سەقەتی پەروەردەیی، لە کلتورێکی لێوانلێو لە تۆقاندن، جورئەت دەداتە بەر خۆی‌و کۆتایی بە ژیانی خۆی‌و ئاوات‌و هیواو خەون‌و خولیاکانی ئێستاو ئاییندەی دەهێنێت.

دیارە ئەمەش هەمدیسان بەردەوامی بە خۆی دەدات‌و خەریکە دەبێتە دیاردە، بەمەش مەرگدۆستیی کۆمەڵگامان پیشاندەداتەوە لە ژێر نسێی کلتوری پرسەو ماتەم‌و رەنگی رەش‌و بێهودەیی..

بێدەنگی بزوتنەوەی خوێندکاریی.. بێدەنگی نوخبەی کوردیی

لە ئاستانەی پرسێکی وەها هەستیاردا، جگە لە رۆژنامەکان ئەویش بە شێوەی هەواڵێکی کورت‌و زۆرجاریش لە پێناو فرۆشی خۆیاندا، یاخود لە فۆرمی کارێکی هونەری چیتر کرا؟

کوا رێکخراوە خوێندکارییەکان؟ کوا هەڵوێستیان؟ کوا دەنگی بزوتنەوەی خوێندکاریی کوردیی؟ ئەی نابێ دنیا بێننە سەرجادەو بخرۆشێن‌و داوای خوێنی هاوپێشەکانیان بکەنەوە؟ مەگەر گوتاری بوتنەوەی خوێندکاری مانای چییە کاتێك لە روداوگەلێکی ئاوادا بێدەنگ‌و بێقسەیە؟

هەروەك نابێ ئەم پرسیارانە ئاراستەی رۆشنبیرانیشمان نەکەین کە لەبەردەم ئەم تراژیدیایەدا چ قسەیەکیان بۆ دەسەلات‌و کۆمەڵگا پێنیە؟!

دواجار

لە کۆتایی ئەم وتارەدا، دەمەوێ بگەڕێمەوە سەر ناونیشانی بابەتەکە، کە خۆی لە (کلتوری ترس.. مەنهەجی قورس)دا دەبینێتەوەو بە بڕوای من ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئەو تەوتەمانە بشکێنین کە کلتوری لێوانلێو لە ترس‌و تۆقاندن بەرهەمدێنن‌و، دەبنە سەرچاوەیەکیش بۆ پرۆگرامی خوێندن‌و سیستمی پەروەردەییمان‌و بەردەوام وەك تارماییەکی ترسناك بەدوامانەوەن.

ناکرێ ئێمە لەسەردەمی پێشکەوتنی خێرای زانست‌و تەکنەلۆژیا ئەو مەنهەجە سواوانە بەو رق‌و کین‌و قورسیەوە بخوێنین، شیعرەکانی شەڕو جەنگ ئەزبەربکەین، شەخسەکان تەقدیس بکەین، بە ئارەزووی خۆمان لە رشتەو کۆلێژو پەیمانگاکان نەخوێنین...

ناکرێ.. چیدیکە ناکرێ گۆشتەکەمان بۆ مامۆستاو ئێسقانەکانیشمان بۆ باوکمان بێت!

---

*سەرنووسەری رۆژنامەی "گۆڕان".